# شوێنگەی منال لە ئەدەبی منالاندا

**نووسینی: ئا ڤی**
**و/لاپەرەی ئەدب**

ئەوە چییە کە ئێمە گەورەکان کاتی خۆمانی بۆ تەرخان دەکەین و ناوی دەنێین ئەدەبی منالان؟

بۆچوونێکی گشتی هۆکاری نووسین بۆ منالان وەها ریز دەکات و ناویان لێ دەبات

١-زانینی ئەوەی منالان چی دەخوێننەوە

٢-ناسینی توخمەکانی شیعریان پەخشانێکی باش

٣-هەبوونی هەستگەلێك لە چەشنی هەستی منالان

سەرەتا دەمهەوێ لە هۆکاری سێهەمەوە دەست پێ بکەم. شەوێ من و ژنەکەم بۆ خواردنی شەو میوانی ژن و مێردێ بووین کە دوو منالی سێ و پێنج سالانیان هەبوو. وا دیار بوو ئەو دوو منالە نیگەرانن ، چونکە دەبوا بەر لە کاتی دیاری کراوی شەوانی پێشتر برۆنە ناو جێگا و بخەون، ئەم دانیشتن و میوانییە جێی ئەوان نەبوو، گەورەکان کەمتەرخەم بوون بەرامبەریان. بۆ ئەوەی لەو نیگەرانییەیان کەم بێتەوە ئیزنیان دایە کورە گەورەکە، کە ناوی نیکۆلاس بوو، لە میوانەکان بپرسێ هەر کامەیان حەزیان لە چ خواردنەوەیەکە. نیکۆلاس زۆر جیددی و بە لاسایی کردنەوەی حاڵەتی گەورەکان دەستی کرد بە پرسیار کردن. هەر کامەیان شتێکیان دەویست. کە گەیشتە من بەرەو پێشەوە نووشتامەوەو ئارام پێم وت : «نیکۆلاس تکایە پەرداخێ گلاسێ ئاوی زارم بۆ بێنا.» نیکۆلاس بە سەر سوورمانەوە پرسی :»چی؟» وتم گلاسێ ئاوی زار تکایە !

بۆ چەن ساتێ لێم راما و لە پشت ئەو دەم و چاوە فریشتەیەوە پێکەنینێکی زرینگانە دەبیندرا. بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد :» ئەم پیاوە گلاسێ ئاوی زاری دەوێ.» ئەو شتەی دوای ئەم وتە رووی دا سەیر بوو: دوو منالەکە وەها هەڵسووکەوتیان دەکرد وەك ئەوەی درگای قەفەسێکیان لە سەر کرابێتەوە یان بەندیان لە دەست لا برابێت:

دەستیان کرد بە هەڵهاتن و شادی کردن. ئەو کاتەی شادی ئەو دوو منالەم دیت هەستم کرد بەو گلاسە ئاوە زارە گەیشتووم. ئینجا دایکی منالەکان رووی کردە من و وتی :» ئێستا دەزانم بۆچی بۆ منالان دەنووسی.» ئەوەی ئەو دەریبری بەو مانایە بوو دەبێ بۆ ئەم کارە هەستێکم هەبێت لە چەشنی هەستی منالان. بۆ ئەوەی بتوانم بچمە دەروونی منالانەوە دەبێ وەك منالان بنووسم.

دووهەمین هۆکار کە لە نووسین بۆ منالاندا پێویستە بزانین، ئەوەیە دەبێ بزانین منالان چی دەخوێننەوە و دەیانهەوێ چی بخوێننەوە. ئەگەر ئێوە کتێبێکی دلخوازی خۆتان لە بواری ئەدەبی منالاندا لە تەنیشت کتێبگەلێکی وەك «پشیلەی کارفیلد» یان «کلووپی پاریزگاری لە منالان» یان «دۆلی گەورەی شیرینی» دانێن و بە منالێك پێشنیار بکەن یەکیان هەڵگرێ، تا ئێستا لە خۆتان پرسیوە کامیان هەڵدەگرێ؟ من لام وایە ناسینی توخمەکانی شیعر یان پەخشانێکی باش مانا و ناوەرۆکی ئەدەبی منالان پێك دێنێ، نەك سادە نووسین.

با پرسیارێکی سەرەکی بپرسین : ئەو منالە کێیە ئەم ئەدەبەی بۆ دەنووسرێ؟ ئاخۆ ئەو هەمان ئەو منالە دوازە سالەیە چەکێکی بە دەستەوەیە و لە شەقامەکانی شاردا دەگرێ؟ ئاخۆ تازە لاوێکی ئەمریکاییە کە خوێندنی کۆلێژی تەواو کردوەو کۆتایی حەوتوو دێتەوە ماڵ بۆ ئەوەی دایکی جلەکانی بشوات؟ ئەمرۆ لە پەراوێزی شارەکاندا ئەو منالانەی قەتل دەکەن زۆرن. بەلام ئەوان لە بەر تەمەنیان پێیان دەوترێ منال. بۆچی وەها کارگەلێك دەکەن و ئەم کارانەیان لێ دەوەشێتەوە؟

چونکە کولتووری ئێمە ئەوانی لە خۆی دوور خستۆتەوە. ئەوان سەردەمی منالیان نییەو بۆ زیندوو مانەوە کاری گەورەکان دەکەن و وەك ئەوان هەڵسووکەوت دەکەن و کەس دەکوژن. کەوایە ئەو کاتەی دەربارەی ئەدەبی منالان قسە دەکەین زۆر گرنگە لە خۆمان بپرسین کامە منال؟ خالی جێگای سەرنج ئەوەیە ئەدەبی منالان بە پێی کات، شوێن، نەتەوەو ..... جیاوازی هەیە.

با ئێستا بزانین ئەدەبی منال چی دەگرێتەوەوچی ناگرێتەوە؟ بۆ ئەم مەبەستە با دەوری منال لە ئەدەبی منالاندا لێك بدەینەوە: منی نووسەر کتێبێ دەنووسم و دەیدەمە بە ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە، لەوێدا بڕیار دەدەن نووسراوەکەم چاپ بکەن یان نا، ئەگەر چاپ ببێ لە لایەن گەورەکانەوە، دیزاین، هەڵەچنی، پروپاگەندە، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ وتەنانەت لە لایەن ئەوانەوە خەلات دەکرێ. سەرەنجام ئەمە گەوەرەکانن کتێبەکان دەخەنە نان‌و قەفەسەکانەوەو دەیچنن‌و دەیفرۆشن. تەنهاو تەنها لەم کاتەدایە کتێبەکە دەکەوێتە دەست منالان، لەم کاتە دایە دێتە دنیای ئاڵۆزی ئەدەبی منالانەوە. بەم شێوەیە، منالان دەکەونە پلەی ئاخر، ئەوان خوێنەرو کەڵك لێوەرگرن، نەك داهێنەر.

دەزانین ئەدەبی منالان لە لایەن گەوەرکانەوە دەنووسرێ‌و منالان تەنها لە رووی نێوو رواڵەتی کتێبەکەوە دەیکرن. هەر چەن زۆربە ی کات ئەو کتێبەی دەیکرن لە لایەن قوتابخانە، دایك‌و باوك یان رادیۆو تەلەڤیزیۆنەوە بە سەریاندا دادەسەپێ، با بێ پەردە ئەم راستیە بخەینە روو کە ئەدەبی منالان زۆرتر پەیوەندیدارە بە گەورەکانەوە نەك منالان. ئەمە پارادۆکسێکە. ئەدەبیاتی منالان لە لایەن ئەو گەورانەوە دەنوسرێ کە نازانن منالان هۆگری چ دەقگەلێکن، یان ئەوەی دەینووسن لە باری سیاسی‌و ئایینەوە بۆ منالان باش نییە.

بۆ ئەوی نووسراویەکی باش و شیاو بۆ منالان بنووسین نابی بگەرینەوە بۆ سەردەمی منالی. بەلکوو دەبێ تێگەیشتنی گەورەکان لە مندالی لە بەرچاو بگرین . دەبێ منالان و جیهانی منالی بەو شێوەی دەرکیان دەکەین و لێیان دەگەین لە کتێبەکاندا بێنین. ئەگەر ئاور لە چیرۆکە خەیالییەکان بدەینەوە زۆر باشتر لەم شتە دەگەین. ئەو شتانەی لە چیرۆکە خەیالییەکاندا باسیان لی'دەکرێ راستن. ئێمە راستییەکان ناگۆرین بەوەی بە دڵی منالان بێت ، بەڵکوو مەبەستمان لە پێوەند لە گەڵ راستییەکان دەگۆرین. تێگەیشتنی نازانستیانەی منال رەنگە ئەمە بێت کە خۆر بە دەور زەوی‌دا دەگەرێ. ئێمە گەورەکان دەزانین واقیع شتێکی ترە. بەلام لە گەڵ ئەمەشدا ئاخۆ دڵنیاین ئەم گریمانەیە راستە؟ بۆخۆم هیچکات ئەم گریمانەیەم تاقی نەکردۆتەوە و ناشتوانم بیسەلمێنم. بەلام دەزانم بیر کردنەوەی گەورەکان راستە. هەر بۆیە ئەو کتێبە زانستیانەی بۆ منالان دەنووسرین وێنایەك ئەدەن بە دەستەوە کە لە گەڵ دنیای ئەواندا جیاوازی هەیە.

لە چیرۆکە ریالیستییەکاندا، ئێمە ئەزموونی جیهانی ئاڵۆزی خۆمان جۆرێ دەگێرینەوە کە منالان بتوانن لێی تێ بگەن. ئەزموونی راستەقینەی خۆمان ناگۆرین، بەلکوو جۆری دایان دەرێژین کە منالان بتوانن لێی تێ بگەن و ئەمەش سادە نییە. ئێمە بەم شێوەیە راستییەکان جۆرێ دەگێرینەوە بۆ ئەوەی منالان کە کەم ئەزموونترن لێی تێ بگەن. وەك چۆن کتێبێکی زانستی راستییەکان دەردەبرێ، ئەو چیرۆکانەش کە ئێمە دەیاننووسین هەولدانێکە بۆ ئەوەی راستییەکان لە زمانی گەورەکانەوە بۆ منالانەوە بگێرینەوە.

منالان دەتوانن وێناگەلێکی جوان پێشکەش بکەن. لە بواری ئەدەبدا شیعرگەلێکی جوان دەهۆننەوە کە زۆرتر لە خەیالیانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو پێشکەوتنە سەیرانەی کەلە نوسینی منالاندا دەبیندێت. جێگای سەرسورمانەو پێویستە شتیان لێفێربین.

ئەوە لە بەرچاوبگرن ئەگەر ماوەیەکی زۆرتەرخان دەکرێ بۆ کاری منالان بۆ ئەوەیە لەگەڵ رۆشنبیری‌و ئاستی تێگەیشتنی گەورەکان‌و هەروەها منالانیشدا بێتەوە. ئەم جۆرە بەرهەمانە دڵی هەردوو لا رادەگرێ‌و جۆری هاوئاهەنگی لە نێوان پارادۆکسەکان_ تەنهابە شێوەی هونەری_ پێك دێ. بەلام ئەگەر جۆرێ هاوئاهەنگی لە نێوان ناکۆکی‌و پارادۆکس بوونەکاندانەبێ، مەودا ساز دەبێ. لێرەدایە ئەو کتێبانەی گەورەکان هەلیدەبژێرن منالان نایخوێننەوە؟

من لام وایە، ئێمە لە چوارچێوەی ئەدەبی منالاندا، چیرۆکێك دەنووسین بۆ ئەوەی منالان لە دنیای نائارامی گەورەکان ئاگادار بکەینەوە. لێرەدایە هەڵسووکەوتی رئالیستانەو کۆنترۆلی کۆمەلایەتی دەردەکەوێ. هەرشتێ لە جیهانی گەورەکاندا هەلەیە، زۆربەی کات لە بەر ئەوەیە ئارمانەکانی ئێمە لە سەردەمی منالیدا بەدی نەهاتوون. ئەدەبی منالان ئەو ئیزنە بە ئێمە گەورەکان دەدات بە گەرانەوە بۆ خالی دەسپێك، هەندێ گۆران لەم باریەوە پێك بێنین‌و منال دەتوانێ رێك‌و پێکیان بکات. کەوایە ئێمە دەربارەی منالان کتێب دەنووسین، چونکە ئەوان کۆمەلێك بۆچوون لە پێوند بە ئازار، گوشارو کۆت‌و بەندەکان دەخەنە روو، گوشارێ کە ئێمە لە دنیای گەورەکاندا هەستیان پێدەکەین. بە واتایەکی تر بە شاردنەوەی دلەراوکە و نیگەرانییەکانمان هەوڵمان ئەوەیە بۆ منالان بنوسین‌و ناوی دەنێین ئەدەبی منالان، چیرۆکەکان دەربارەی هەلاواردن‌و بێ عەدالەتی‌و نەسازانە لە دنیای گەورەکاندا. خەباتی بەردەوامی چاکە دژ بە شەر.

بەم چیرۆکانە بە منالان دەلێین رزگارمان بکەن لەوەی لە داهاتوودا بە سەرماندا دێ، ئێمە رزگار بکەن لەوەی فێرتانی دەکەین بەوەی وا بن. بەلام گالتەجار و پێکەنین هێنەر ئەوەیە کە ئەم چیرۆکانە زۆربەی کات دەربارەی چۆنییەتی چوونە ناو جیهانی گەورەکانەوەیە. کە وایە ئەدەبی منالان هاوارێکە لە لایەن گەورەکانەوە بۆ منالان بەوەی یارمەتیان بدەن. ئەدەبی منالان زۆربەی کات قوولترین مانایەك کە دەیدا بە دەستەوە ، چیرۆکی فێر بوونی زانستمان بۆ دەگێرێتەوە. بەلام چ بە زمانی راستەقینەو چ بە زمانی خوازە، ئەم زانستە سەر بە سەردەمی منالییە. ئەم کۆتایی پێهێنانە سەرکەوتوانەیە و ئەم هونەر کە منال هان دەدا بەوەی بێتە دنیای گەورەکانەوە، بە شێوەیەکی گالتەجارانە جۆرێ شکست و داروخانە، شکست بەو مانایەی زۆربەی کات کۆتایی چیك کۆتایی واقیعە. لە ئەدەبی منالاندا هەندێ جار بە منالان دەلێین :» ئەو کارەی ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن، ئێوە لە ئێمە باشتر بن. تکایە جیهان بەو شێوەیەی چاوەروانی دەکەین درووست بکەن، ئەو هەلانەی ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن. واتە گەورە مەبن. لە هەمانکاتدا وەك ئەوە وایە بە منالان بلێین :» گەورە بوون ناخۆشترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤە. بەلام ئێمە دەبێ گەورە بین، وەك ئەو رێبوارانەی دەچنە ولاتێکی تر و شتی زیاتر دەربارەی ولاتەکەیان فێر دەبن.

ئێمە ئەو کاتەی لە بەهەشت هاتینە دەر بەهەشتمان دۆزییەوە.



# خاتوونی چیرۆکنووسیی مۆدێرن



**بەشی ئەدەبی:**

دەکرێ مارگریت دوراس، بە یەکێك لە دەنگە دیارەکانی چیرۆك و رۆمانی مۆدێرن بزانرێ. فۆرمی نوێ‌و شێوەی تایبەتی گێرانەوە، _بە تایبەت لە دوو رۆمانی عەشق و عاشق – دۆراسی وەك رۆماننووسێکی مۆدێرن یان ئەو شتەی کە پێی دەوترا رۆمانی نوێ لە ئوورووپا ناساند. عاشق ١٩٨٤) یەکێك لە بەرهەمەکانی دۆراسە کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لە گەڵ بەرهەمەکانی تری ئەم خاتوونە رۆماننووسە و بە لە بەرچاو گرتنی ژمارییەکی زۆر لە خوێنەرانی وەك "پرفرۆشترین کتێبی سەدەی بیستەم" لە فەرانسە دەناسرێ. هەروەها ئەم رۆمانە خەلاتی ئەدەبی کۆنگۆری لە هەمان سال واتە (١٩٨٤) پێ بەخشرا. بەر لە نووسینی رۆمانی عاشق بە هۆی فۆرمی تایبەتی گێرانەوەوە، زۆر کەس دژ بە دۆراس وەستانەوەو هەلوێستیان گرت، بەلام بلاو بوونەوەی رۆمانی عاشق وای کرد تەنانەت نەیارانیشی سەری کرنۆش دانەوێنن لە ئاست تواناییەکانیدا.

دۆراس سالی ١٩١٤ لە ڤییەتنامی باشوور لە دایك بوو، پاش تەواو کردنی خوێندنی دواناوەندی بۆ درێژە دان بە خوێندن رۆشتە زانکۆی سۆربۆنی فەرانسە و لە بواری زانستە سیاسییەکاندا دەستی دایە خوێندن. ماوەیەکیش بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە، ئەم خاتوونە چیرۆکنووسە کە لە باری ئەدەبی و هەروەها سینەماشدا دەنگێکی ناسراوە، رۆژی ٣ی مارسی ١٩٩٦ لە تەمەنی ٨٢ سالیدا مالئاوایی لە ژیان کرد.

# خاتوونەکانی هۆتێل دروش نۆ ئار

ن:مارگریت دۆراس

لێرە، لە هەیوانی «هۆتێل دروش نۆ ئار» پاش نیوەرۆکانی هاین پیرەژنەکان لە دەوری یەك کۆ دەبنەوەو پیکەوە قسە دەکەن. ناویانم ناوە خاتوونەکانی «هۆتێل دروش نۆ ئار». خاتوونەکانی هەموو رۆژێ، هەموو دوانیوەرۆکانی هاوین. مرۆڤ دەتوانێ بە درێژایی تەمەنی لە ژیانی خۆی بدوێ، ژیانی شایانی بایەخە. خاتوونەکان لەو هەیوانەی کە دەروانێتە سەر دەریا دادەنیشن و تا لای ئێوارە، تا کاتێ هەوا فێنکە قسە دەکەن. زۆر جار کەسانێك لە لایانەوە رەت دەبن و گوێ دەدەنە قسەکانیان، ژنەکان فەرمووی لای خۆیانیان دەکەن. ژنەکانی «دروش نۆ ئار» لەو ژنانەن کە رووداوەکانی ژیانیان یان کەسانی تر و بوونەوەرەکانی تر بە شێوەیەکی بێ وێنە دەگێرنەوە. هەڵقولاو لە وێرانەکانی شەر، پاش ٤٠ سال دەربارەی ئەورووپای ناوەند قسە دەکەن. هەموو سالێك کەسانێك لەم هۆتێلە کە دەروانێتە سەر دەریا کۆ دەبنەوە بۆ قسە کردن. لە سالەکانی ١٩٤٠ ئەم ژنانە بیست تا بیست و پێنج سالیان تەمەن بوو. زۆربەیان دانیشتووی گەرەکی «پاس پاریس»ن. وشەی «خاتوونەکان» بێ مانایە ئەگەر کەسێك خاتوونەکانی «مانش» نەناسێت. ئەم ژنانە بە پێوەندی دۆستانەو دیمانەو رابواردن و هەڵسووکەوتی دیپلۆماتانەو کۆر و کۆمەلی سەما کردن لە ڤییەناو پاریش، هەروەها لە گەل قوربانییەکانی ئاشویتس و دوورخراوەکانی ئەم سالانە لە هاوێندا سەر لە نوێ بناغەی ئەورووپا دادەرێژنەوە. پرۆستیش جارو بار سەردانی ئەم هۆتێلەی کردووە. پێدەچێ هەندێ لەم خاتوونانە ناسیبێتیان. میوانی ژووری ١١١ بەرامبەر بە دەریاکە. دەلێن «سوان»یش لێرە بووە. هەر لێرەو لەو دالانەدا، لێرەوە رەت بووە. لەو سەردەمانەدا ئەم ژنانە گەنج بوون.